# توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوەو نالێبوردەیی لەژێر سایەی چەکدان..!

## ((لە کلاوڕۆژنەی کۆمەڵناسییەوە))

**حەمەی ئەحمەد ڕەسول***

حافزی شیرازی وتوویەتی: لەگەڵ دۆستاندا جوامێر بەو لەگەڵ دوژمناندا پێکەوە ژیانت قبول بێت. عیسای مەسیحیش وتوویەتی: ئەگەر هەر کەسێك زللەیەکی لە لای ڕاستتدا، تۆ لای چەپیشی بدەرێ (بۆ زللەیەکیتر). مەزنەپیاوی هیندستانیش (گاندی) وتوویە: رقت لەگوناه بێتەوە، بەڵام رق ئەستوور مەبە بەرامبەر بە گوناهبار.. ئەو پەندو حیکمەتە مەزنانە بەدرێژایی مێژوو، نەمر و شکۆدار دەمێننەوە چونکە ئەوان بە حوکمی هزرو مەعریفەی بڵندی خۆیان خزمەتی مرۆڤایەتیان کردو کولتوری لێبوردەییان لەشوێنی تۆڵەسەندنەوە داناو فەرهەنگی خۆشەویستی و برایەتی و تەباییان خستە نێو کولتورو بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیی هاوڵاتیانی خۆیانەوە. بەڵام داخیگرانم لای ئێمە بەدرێژایی مێژوو فەرهەنگ و کولتورو گوتارێك سەردەست بووەو پیادەکراوە کە کوشتار و خوێنڕشتنی لێکەوتوەتەوە، نالێبوردەیی و توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە ئامرازی یەکەمین بووە کە بەرامبەر بە تاکی کوردو کۆمەڵگاکەی پیادەکراوە و بۆتە ئامانجێك بۆ قبوڵنەکردن و سڕینەوەی ئەویتر (کە تاکی کورد بووە).

بەڵام لەم دەڤەرەی ئێمەدا ساڵان و سەدەهایەکی پێش زایین یاساکەی حامورابی سەروەربووە کە بریتی بوو لە: "ددانێ بە ددانێ و چاوێ بە چاوێ" بەو واتایە ئەگەر کەسێك ددانێکی شکاندی، تۆ ددانێکی ئەو بشکێنەرەوە، ئەگەر چاوێکی کوێرکردی یان دەرهێنای، تۆ چاوێکی ئەو کوێر بکە یان دەربێنەرەوە. کە ئەم ڕێسا تراژیدییە دڕندانەیە بۆتە پرەنسیپ و بنچینە بۆ کولتورێك کە لێوانلێوبووە لە توندوتیژی و خوێنڕشتن و تۆڵەسەندنەوە، کوشتن و کرینەوەی بەرامبەر بەهەموو ئاراستەکاندا بەشەرعیکراوەو حەڵاڵبوە خوێنی بەرامبەری جیاواز برێژرێت و هیچ بوارێك و هەناسەیەك مەودای بۆ نەڕەخساوە کە رۆحی لێبوردەیی لای تاکی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئەم کۆمەڵگایەدا، دەستەبەر ببێت و زەمینەیەکی لۆژیکی و عاقڵانەی بۆ بڕەخسێت. هەتاکو دەساڵێك لەمەوبەر ئەم کولتورە لای ئێمەی کوردیش بابەگەورەو سەردەست و سەروەر بووەو پەندو دروشمەکان گەواهی ڕاستی قسەکانمانن، بۆ وێنە (تۆڵە بە سەبرە ئەمما بە زەبرە) هەتاکو کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو، چەندان هەزاری لەنەوجەوانان و کوڕو کچی جوانی کورد زیندەبەچاڵکردو ژیانی هەمووانی پێشکەش بە تاریکی و گۆڕستان و دۆزەخ کرد!

تۆڵەسەندنەوە حاڵەتێکی هزری و دەروونی و کۆمەڵایەتیە، بەو مانایە کە ژینگەو کۆمەڵگا دەیخەملێنن دەبێتە بەشێك لە پێکهاتەی کەسێتی مرۆڤێك. کۆمەڵگایەك کە توندوتیژی بەرهەم بێنێت، دەبێتە هۆکار بۆ چەکەرەکردنی رۆحی تۆڵەسەندنەوە، چونکە کاتێك ستەم و چەوسانەوە بەسەر مرۆڤێکەوە کەڵەکە دەبن، یاساش لەو ژینگەدا سەروەر نەبێت، فەرهەنگی خێڵەکی و هۆزگەرایی رقئەستووریش گوتارێکی بەشەرعیکراوی نێو خێزان وبنەماڵەکان بێت. ئەویترو بەرامبەریش جیاواز بێت و تۆی جیاواز قبوڵنەکات، هەر خۆی بە ڕاست بزانێت و خۆپەرست و ڕەگەزخواز بێت، هێندە بوغرابێت و خۆی بە گەورەو تۆ بە بچووك بزانێت، زۆر ئەستەم دەبێت (تۆ)ش، لێی ببوریت، لە جێی رق، خۆشەویستی و برایەتی پێ ببەخشیت و رۆحی تۆڵەسەندنەوە بەرامبەر بەو لە خۆتدا بکوژیت. بۆ رۆژگاری ئەمڕۆ کە باهۆزی جیهانگیری گەیشتۆتە ئەم دەوروبەرە،دیکتاتۆری ملئەستور بەدارداکراو دەوڵەتەکانی ئەم دەڤەرە لە ژێر چاودێری فەرمی و ئەهلی و مەدەنیەتدان، دەستوورو یاساو رێسا مرۆڤایەتیەکان دەیانەوێت نەفرەت لە شەڕ و تۆڵەسەندنەوە و توندوتیژی و تیرۆرو کوشتن بکەن. ئەمانەش ئومێدبەخشن و هیواو خەونەکانی حافزو جۆن لۆك و ڤۆڵیترو کانت و راسڵ و جۆن ستیوارت میل و گاندی و ماندێلا دێننە دی، تەنانەت ئەمڕۆکە رەشپێستێکی وەکو "باراك ئۆباما" دەبێتە سەرۆکی ئەمەریکایەك کە پەنجا ساڵ لەمەوبەر تەنها سپی پێست لەو وڵاتەدا دەیتوانی نان بخوات و هەناسە بدات و ئەمڕۆکەش کولتوری یەکتری جیاواز قبوڵکردن و پێکەوەژیان لەگەڵ دوژمنی دوێنێدا ئەو رۆحی لێبوردەیی و تەباییەی دروستکردوە کە زۆرینەی سپی، سەرۆکێکی پێستڕەش قبوڵ بکات.

وەك پۆل ریکۆری فەرەنسی دەڵێت: دەبێت توندوتیژی و رۆحی تۆڵەسەندنەوە لای دەوڵەت و دەسەڵاتەوە بنەبڕ بکرێت، بەیاسا سنوردار بکرێت و لەبیروباوەڕی خەڵکیدا بسڕدرێتەوەو تۆڵەسێنەر سزای توند بدرێت. دەبێت دیاردەی دەمارگیری و پەرگیری و شەڕانگێزی بە یاسا و بە دەستور سنوردار بکرێت و لادەرو سەرپێچیکار سزا بدرێن. هەوڵبدرێت تۆڵەی شەرەف و ناموسپەرستی کە بە هۆکاری سەرەکی دیاردەی تۆڵەسەندنەوە هەژمار دەکرێت، مەحکوم بکرێت و لەڕێی یاسا و دادگاوە چارەسەر بکرێت. حکومەت و ڕێکخراوە مەدەنیەکان فەرهەنگی ئاشتی و کولتوری ئاشتیخوازی لەنێو خەڵکدا سیستماتیزە بکەن و بەڕێوەبەرایەتی تایبەت دابمەزرێت بۆ هاندانی رۆحی لێبوردەیی و کەسی ئاشتیخواز و هێمن و لێبوردە، لە میدیاکانەوە پاداشت بکرێت. کەسانی بکوژو توندو تۆڵەستێن، هەر لە میدیاوە رووڕەش و مەحکوم بکرێن، بۆئەوەی چاولێکەری و لاساییکردنەوەی پۆزەتیڤ رۆڵ ببینێ!

### نالێبوردەیی..

لە کۆمەڵگاکەماندا، کولتوری سوننەتی و نەریتخوازی، خێڵەکی سەردەستن و بەدرێژایی مێژوو کوشت و بڕ بەرکەماڵ بووەو دەرەنجام رۆحی تۆڵەسەندنەوە لە هزرو دەروونی تاکی کورددا زاڵبووە. دیاردەیەك سەروەر بووە کە لێبوردن لە بەرامبەری نەیار و زاڵم ترسنۆکی و تەسلیمبوونی بە بکەرەکەی بەخشیوە، بۆیە تۆڵەسەندنەوەو فەرهەنگی نالێبوردەیی بە کردەوەیەکی پاڵەوانانەو پیاوانە حسێبی بۆ کراوە! بە پێی بۆچوونی هەریەك لە بیرمەندان (جۆن لۆك و کانت) لێبوردەیی– کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان بەستراوەتەوە بە لێبوردنی ئایینیەوە، بەو واتایەی هەر ئاینێك لە گوتارەکانیدا لێکبوردن و پێکەوەژیانی لەگەڵ جیاوازو ناکۆکەکاندا قبوڵکردو بە ئەرك و فەرزێکی ئایینی لەقەڵەمدا، ئەوا رۆحی تۆڵەسەندنەوەو شەڕانگێزی کەمترو کاڵتر دەبێتەوەو ئاشتیخوازی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەو یەکترقبوڵکردن فەراهەمدەبێت!

بەڵام با بزانین هۆکارە هەرە گرنگەکانی کولتوری نالێبوردەیی لەنێو کۆمەڵگای کورددا بۆچی دەگەڕێتەوەو فاکتەرەکان چین؟ گرنگترین هۆکار بۆ نەبوونی گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان، خۆشەویستی و پەرەستنی دەسەڵاتە، ئەوانەی کە تینووی دەسەڵاتن، ئامادە نین لەگەڵ لایەن و کەسانی تردا بەشیبکەن، ئەوانە لە هاوبەشکردن بێزارن، لەکاتێکدا یەکێك لە پێویستیەکانی لێبوردەیی ئەوەیە کە بەشێك لە دەسەڵات بە ئۆپۆزسیۆن و رکابەرەکانیان بدرێت. هەروەها ئایدۆلۆژیاو دیماگۆگییەت هۆکارێکی دیکەیەو هەوادارەکانیان دەڵێن: لێبوردەیی دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نائارامی و بێسەروبەرەیی، ئیتر بەم بیانووەوە دژی لێبوردەین، ئەم گروپ و چین و توێژانە، بۆ سەردەستکردنی مەزهەبێك یان نەژادو ئیتنیەك یان پیاوانی ئایینی یان دەستەبژێرێك لە سیاسەتمەداران و حزبێك دەیانەوێت ئیرادەی

خۆیان بەسەر زۆرینەدا بسەپێنن، دەیانەوێت کۆمەڵگا هاوڕەنگ و هاودەنگ و چوونیەك بێت، نایانەوێ بەپێچەوانەی خەڵکی دیکە بیر بکەنەوە، وەك چۆن نایانەوێ خەڵکیش بە پێچەوانەی ئەوانەوە کار بکاتەوە. وادەزانن هیچکەس دەستی نەگەیشتوەتە هەموو حەقیقەت و راستییەکان و رەخنەگرتن لە راستی و حەقیقەتەکانی خۆیان بە دژو دوژمنی خۆیان و میللەت دەزانن! لە کۆمەڵگایەکدا کە حزبی شمولی حوکمی دەسەڵات دەکات، لێبوردەیی بە لە دەستدانی بنچینەکانی بیروباوەڕو بە دەستشۆرین لە بەها و بنەما بیروباوەڕییەکان لە قەڵەمدەدەن، بە لە دەستدانی بەهای ئەخلاقی و ناپیاوی و سەرشۆڕی دادەنێن. بۆیە مرۆڤی عەقائیدی و ئایدۆلۆژی و دیماگۆگی و پەڕگیر (ئوسوڵی)و خێڵەکی هەرگیز ناتوانن پابەند بن بە چەمکی لێبوردەییەوەو لە بورجی عاجی دانیشتوون و سازش لە گەڵ چەمکێکیتردا دەکەن کە بریتییە لە تۆڵەسەندنەوەو یەکتر سڕینەوەو بەرامبەری جیاواز کوشتن.

شاعیری مەکسیکی ناودار (ئۆکتاڤیۆپاز) زۆر راشکاوانە رایدەگەیەنێ کە (خۆ بەگەورە زانین و خۆپەرستی) هۆکاری هەرە گرنگن بۆ دەستەبەرنەکردنی چەمکی لێبوردەیی و رۆحی پێکەوەژیانی جیاوازەکان لەڕووی ئایین و نەتەوەو زمان و ئایدۆلۆژیاوە لە یەك کۆمەڵگادا. داخیگرانم، بۆ ئێمەی کوردیش کە زەمینە زۆر خۆشەو ئامادەکراوە کە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە، ئاڕاستەکانی هەلومەرجی کولتوری و ئایینی و سیاسی بگاتە نێو چەقی خێزانەکانیان و رۆژانە ئەو دروشمە ژەهراویانە بڵێینەوە کە دەڵێت "تۆڵە بەسەبرە ئەمما بە زەبرە) یان یاسا شڕو خراپەکەی حاموڕابی کە دەیگووت: "چاوێ بە چاوێ، ددانێ بە ددانێ"بۆیە ئامادە نین تاقە یەك قسە لەیەکتر قبوڵ بکەین چ جای زللەکەی حەزرەتی عیسا.! بەڵام دەبێت گەشبینانە بڵێین "ئێمەش پێویستە هەوادارو قوتابی سپینۆزای فەیلەسوف بین کە وتوویە: دەبێ گەشبین بین بەرامبەر بە ئادەمیزادو هەرگیز لە بیرمان نەچێت کە مرۆڤەکان رۆڵەی یەك دایك و باوك ئەگەر ئێمە بتوانین بە چاوی هاوڕەگەزەکانی خۆمان تەماشای دونیا بکەین، ئەوەندەی دیکە کوشتارو خوێنڕێژی کەمتر دەبێتەوە. دەبێت چۆن ژیاندۆستین و خۆمان خۆشدەوێت، ئاوەهاش ژیان و خودی مرۆڤەکانی هاوڕەگەزی خۆمان خۆشبووێت. بەو ئاواتەوەی کە تاقە یەك رۆژی ساڵ تەرخان بکەین بۆ لێکبووردن لە نەیارو دوژمنەکانمان و ئەوانیش داوای گەردن ئازادی و لێبووردنمان لێبکەن!

## چەك..

تەنها لەبەرئەوەی نەتەوەیەکی جیاواز بووین، بەرامبەرە دڕندەکانمان هەلاهەلای کردووین، گشت کەرەستەکانی زەبروزەنگو توندوتیژی بۆ قەلاچۆکردنمان بەکارهاتوون.. بۆیە مێژوویەکی درێژمان لەگەڵ مەترسی فەنابوونو مەرگدا هەیە، چونکە ئاسوودەو دڵنیا نەبووین لە ژیانمان.. چرکەکانی حەوانەوەو هێمنیمان هێند کەمبوون، متمانەمان بە دەوروبەرو کەسی بەرامبەر کەمبووە.. گەرەنتیمان بۆ مانەوە زۆر کزبووە. لەبەرئەوەی دوژمنەکانمان هەمیشە چەکیان بەدەستەوە بووە، لەپەرچەکرداردا و بەناچاری پەنامان بۆ چەك بردۆتەوەو مێژووی نەگریس چەکی نەفرەتی لێکردووینەتە هاوەڵو یاوەر! ئەم نیشتمانەی ئێمە بێنموونەیە لە دیمەنە پڕ لە خوێن و سەربڕینی مرۆڤەکانی خۆیدا. ئەم کۆمەڵگایە، سیخناخە لەدیرۆکی کوشتارو لەتوپەتکردنو قڕکردنی تاکەکانی خۆیدا، ئارەزووی چەك هەڵگرتن لای هەر تاکێکمان بۆتە هۆکار و پاڵنەرێك کە بەیەکسانی هەر ماڵەو چەکێك یان زیاتری بەربکەوێت. بۆیە ئیگۆی کورد بکەر بووە، لەداپۆشینی ئەو حاڵەتە کێماسییەدا کە رۆڵی خۆبەزلزانو خۆگیڤردنەوە بە دەمانچەوە لەکۆڵان و شەقامدا بگێڕێتو رۆحی تۆڵەسەندنەوەو قارەمانێتی ببێتە خەسڵەتی سەرەکی تاکی ئەم کۆمەڵگایە.. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەمان، ئەوەتا لە هەموو خێزانێکدا دەمانچە دەدەینە دەست کوڕەکانمانو بوکەشووشە بۆ کچە بێنازەکانمان ئامادەیە.. کە لە ئێستادا کوڕەکان بە زەبری پەروەردەی چەواشەمان بەو چەکە خوشكو دایكو خێزانی خۆیان دەکوژنەوە!

ئەوەی جەرگبڕە ئەوەیە بێپلان و بێبەرنامەین بۆیە بازرگانەکانمان کە دەچنە دەرەوەی وڵات، چەك و تەقەمەنیان بۆ کوڕو منداڵو گەنجی ئەم وڵاتە هەناسەساردە بیرناچێت.. تەنانەت وایلێهاتووە کە نێو خوێندنگەو تاکسی و نەخۆشخانەو چاخانەو ماڵەکانمان جمەیاندێت لە چەکی هەمەجۆر. بەکاریگەری لاسابیکردنەوەو چاولێکەری ئەم حەزو ئارەزووە لای منداڵی کورد گەورە بووەو لەنێو گەنجەکانیشماندا بەڕێژەیەکی بەربڵاو زیادی کردووەو لە تەشەنەکردندایە، ڕێژەیەکی زۆر لەگەنجو لە پیاوان هەڵگری چەکن.. بۆیە لێرەولەوێ کارەساتی دڵتەزێن روودەدەن. فاکتەریش ئاشکرایە: زۆرجار لەسەر شتێکی زۆر بێماناو بێنرخ، لەبەر قسەیەکی رەقو جنێوێك، لەبەر بێ حەوسەڵەیی و بێسەبری و یەکتر قبوڵنەکردنمان چەندان قوربانی پێشکەش بە گۆڕستانەکان دەکەین. مەڵبەندو ناوەندەکانی پۆلیس، لوورەی سەیارەی پۆلیسو ئیسعاف، یان نێو بەندیخانەکان: شاهیدو گەواهی ئەوە دەدەن کە ئەم دیاردەیە زۆر خراپ زیادیکردوەو پەتاکەی ئەمەریکا گەیشتۆتە لامان، چونکە رۆژ نییە کەسێك بریندار یان کوژراو نەبێت. هۆکارەکانی چەکهەڵگرتن و پەرەسەندنی تاوانو کوشت وبڕین فرە هۆکارن و بریتین لە نەزانیو نەخوێندەواریو هەژاریو بێکاریو دواکەوتوویيو ڕێز لە یاسانەنان و پاشاگەردانیی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و رکێفی دابونەریتی کۆمەڵایەتی کۆنەپارێزو وتاری ئایینیی پەڕگیر، بێگومان فەرهەنگی توندوتیژی ورۆحی تۆڵەسەندنەوە. چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە ئاسان نییە بەتایبەتی کە چەك بۆتە هاوەڵ و برای زۆرێك لە تاکی کورد، وەکو گەنمێکی پڕژاوی نێو دڕکی لێهاتوە و کۆناکرێتەوە.. بەڵام ئەرکی حکومەت و دەسەڵاتە کە پێویستە یاسا سەروەرو سەردار بکات و سزاو غەرامە پتەوو سەقامگیتر بکات. رێکخراوو سەنتەری ئەهلیو مەدەنیو حکومی ئاکتیڤو چالاکتر بکات بەتایبەت لە شارۆچکەو گوندەکانی کوردستاندا، میدیاکان چالاکترین لەبڵاوکردنەوەی هۆشیارکردنەوەداو کولتوری ئاشتیخوازیو تەبایی و برایەتی بکەنە ڕێساو یاسا، چەك نەفرەت بکرێت و هەڵگرتنی نایاسایی ئەم بەڵا نەگریسە بکرێتە تاوان. سزاو غەرامەی توند بخرێتە سەر سەرپێچیکاران. کۆمەڵگای کوردی ئەمڕۆکە لەقۆناغی وەرچەرخانو گۆڕانو بوژاندنەوەی ئابووریدایە، رێژەی تاوانو دزیو ژنکوشتنو تەڵاقو درۆکردنو لەشفرۆشیو لەشکڕینو قومارکردنو خواردنەوەی کحولییاتو جگەرەو نێرگەلەو حەشیشەو تریاك کێشان بەکارهێنان روو لەهەڵکشانو بەرزبوونەوەن..

بەندە پازدە ساڵان لە ئەوروپا ژیاوم و لەوێش حکومەت و پۆلیس زۆر توندن لە هەمبەر چەکبەدەستاندا، چەقۆو دەمانچەی شەخسی نایاسایی وەکو کوفرێك دەرهەق بە مرۆڤایەتی حسێبی بۆ دەکرێت! بۆیە حکومەت و حزب و دەسەڵاتی کوردی دەبێت وشیارترو کاراترو دڵسۆزترو چالاکتر بن بۆ قەلاچۆکردنی چەك.. ئیدی ناکرێت باسی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین و بە کەمتەرخەمیەوە حوکمڕانبین.. هاوڵاتیش ببنە گورگەکەی هۆبز دژبەیەك. دەبێت دروشمی حکومەت ئەمە بێت: بائیدی یاسا سەروەر بکەین و حکومەت لە حزب گەورەتر بکەین، هەموومان چەك نەفرەت بکەین و لاسایی گاندیی مەزن بکەینەوە کە هیندستانێکی زەبەلاحی بەبێ چەك ئازادکرد. لەمڕووەشەوە ئەگەر هەقبێژ بین ئەوا دەڵێین: یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵ و گۆڕان پێشەنگن لە نەفرەتکردنی چەکدا!

*پسپۆڕی بواری کۆمەڵناسی.